

حافز موسەوی

# شیعرەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و: مەریوان هەڵەبجەیی

١

کەشتییە ئەنتیکەکانی ئێوە
لە ئاوەکانی مندا وەستاون
مەلەوانە پیرەکان هێشتا
مەیخانەکانی فنقییەیانم باش لە بیرە
شەوە پڕ ئەستێرەکانی بەغدا
دێنمەوە بیرتان و
شەهرەزادی کچم
کە هێشتا تامی چیرۆکەکانی
لە ژێر پێڵووتاندایە
زەردەشت،
نوح،...
موسا،...
مەسیح،...
محەمەد،...



کوڕەکانی مئن و
کچەکانم
مریەم و هاجەر
دوو پارچە مانگن لە "هیلالی خەسیب"(*) دا
بە چاوی سووکەوە سەیرم مەکەن
من ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم

٢

لەگەڵ ئەو جیهانەی بە نامۆم دەزانێت بەخۆی
چ قسەیەکم بۆ کردن هەیە
من شاعیرێکی ئینتیحاریم
بەیتگەلێک لە غەزەلەکانی حافز
لەگەڵ بەندگەلێک لە بڕیارنامەکەی کۆرشدا
دەخەمە ناو شیعرێکی بچووکی خەیامەوە و
خۆم لە ژێر شیعرە نەمرەکەی سەعدیدا
لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان
دەتەقێنمەوە
داوا لە بەرێز ئەمینداری گشتی دەکەم
هەوڵ نەدات بۆ گەڕانەوەی من
بۆ پشت مێزی دانوستان
من بە زمانی حافز دەدوێم و
ئەویش هێندە کاتی نییە
کەمێک فێری فارسی بێت



٣

لە وڵاتی مندا شارێکی بچووک هەیە
پیاوانێکی گەورەی تیا نووستووە
بابە تەیەر
عارف و

شێخ ئەلرەئیس ئەبو عەلی سینا
بابا، بۆ ئەو کاتانەی دڵمان تەنگ دەبێت
عارف، بۆ ئەو کاتانەی کە ئازاری نیشتمانمان هەیە
شێخ ئەلرەئیس،
بۆ ئەو کاتانەی کە سوکایەتیمان پێ دەکرێت
تکایە
لە بەڕێز جەنابی پا پا بپرسن
ئایا لە قسەکانی تۆماس ئاکویناسی قەدیسدا
ناوی کەسێکی بە ناوی شێخ ئەلرەئیس
دیوە؟

٤




شتێک لە دەورووبەری هەشت سەدە و
دوو مانگ و
چوار سەعات لەمەوپێشدا
لە شەوێکدا کە ڕێک وەکو ئەمشەو وابوو
ڕێژنەی بەهێزی بیابان
لە سەربانیماڵێکی خانەدانەوە
بۆنی خۆشی کالیپتۆس و گڵی
بەکۆڵاندا بڵاو کردەوە
تەق تەق، تەتەق
لە دەرگادانەکە پیاوانە بوو
پێش ئەوەی من ئاماژە بکەم
خزمەتکاری ماڵەوە
دەرگەکەی کردبوویەوە
ریشی خەناوی میوانەکە و
جبە و کڵاو پەیڤەکانی
تەڕ بوو
چاوە شینەکانیشی لە تاو ماندوویی مەیلەو سەوز دەینواند.

ئەو دواتر
بووبە یەکێک لە هاوڕێیانی خێزانی ئێمە و
لە ناو بەرگی چەرمی شانامەی فیردەوسیدا
لە ژێر دەست و خەتی یادگاریی خۆیدا ئیمزای کرد:
marco pollo

٥
لە پایتەختی چیرۆکەکانی هەزارویەکشەوەدا
دیکتاتۆرێکیان لە سێدارە دا
سوڵتان سەلیم
بۆ ڕێکخستنی کابوسی ئیمپراتۆری
سەفەری کرد بۆ هیلالی خەسیب
شا عەباس
پەیامی نارد بۆ لەندەن
عەبدول وەهاب
چەمایەوە بەسەر نەخشەی بیاباندا
بۆ ئەوەی شوێنپێی تورکەکان و مەجوسەکان
نیشانی ئینگلیزەکان بدات
ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە
سەرزەمینی ئاشتییە کاتییەکان و
نێوان شەڕە یەک لە دوای یەکەکان
سەرزەمینی خەلیفە و ئیمپراتۆر و شازادەکان و حەرەمسەراکان و خەڵکێک کە نازانن
بۆ لە سێدارەدانی دیکتاتۆرێک
دەبێت پێ بکەنن یا بگرین



٦
ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە
ئێمە بەزمانی مێژوو دەدوێین
پاشانیش

بەخنجەرە مێژووییەکان
سەری یەکتر دەبڕین
لە شامەوە تا حیجاز
لە حیجازەوە، تا بەغداد
لە بەغدادەوە تا قستەنتنیە
لە قستەنتینەوە تا ئیسفەهان
لە ئیسفەهانەوە تا بەڵخ
مردووەکان فەرمانڕەوایی دەکەن
بەسەر سەرزەمینەکانی ئێمەدا
ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و
ئەم لە کارکەوتووەی کە بە ناو خوێنی ئێمەدا دەڕوات
مێژووە.
لاجانەگم بەرەو ڕووتان ڕادەگرم
تەقە بکەن!
تەقە بکەن!
بە زۆری گوللەیەکی شارستانی
بمچەسپێنن بە دیواری جیهانەوە
باوەڕ بە قسەکانی بەڕێز چۆمسکی مەکەن
رەنگە
خوالێخۆشبوو پوپەر(**) ڕاستی کردبێت
کە دەیوت:
ئەبێت
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بە زۆر گوللە
بکرێنە مرۆڤ!



حـافـز مـوسـەوی سـاڵی ١٣٣٣ ی هەتاوی (١٩٥٤) لە شـاری "روودبار"ی باکوری ئێـران لە دایک بووە. هەر لە سـەرەتای لاوێتییـەوە تێکەڵی ئەدەبیـات و بە تایبـەتیش دنیـای شـیعـر بوو، پاشـان چووەتە نـاو دنیـای سـیـاسـەتەوە چەندین سـاڵ چالاکی سـیـاسـی هەبووە و وەک خـۆی دەڵێت: «سیاسـەت زیانێکی زۆری گەیاند پێم بە تایبەتی وەک شاعیرێک هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە لە تەمەنی چل ساڵیدا یەکەمین کۆمەڵە شیعرم زۆر بە تەئخیر چاپ بکەم.»

بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لە کاتێکدا و لە سـاڵی ١٩٩٤ کە حـافـز مـوسـەوی یەکـەمـین کۆمـەڵەی شیعری بەناوونیشانی "دەستێک بەشووشە تەمگرتووەکانی دنیاوە" بڵاو کردەوە لە ئێراندا قسەی زۆری لەسـەر کـرا و بووە جێگەی گـفـتـووگـۆیەکی زۆر و هەر لەو سـاڵەشـدا خـەڵاتی گـەردوون بۆ باشترین کۆمەڵە شیعری ئەو ساڵەی پێ بەخشرا.

ساڵی ١٩٩٩ دووەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوونیشانی "دێرە شاراوەکان" بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٠١ سێیەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوونیشانی"شیعرە کۆمارییەکان" بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ چوارەمین بەرهـەمی بە ناوونیشانی "ژن، تاریکی، وشەکان" بڵاو کردووەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٩ وردەواڵەی یادوەری و شیعرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بڵاو کردووەتەوە.

کتێبیکی لەسەر شاعیری گەورەی ئێرانی مەهدی ئەخوان سالس بڵاو کردووەتەوە کە رەخنە و لێکۆڵینەوەیە لە بەرهـەمەکانی ئەو شاعیرە. حافز موسەوی ماوەی چەند سـاڵێک و تا داخستنی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بەڕێوەبەری کۆواری فەرهەنگی و ئەدەبی "کارنامە" بووە، بە ناوبانگترین کوراری ئەدەبی ئێران بوو. ماوەی چەند ساڵێکە وۆرکشـۆپی بەردەوامی شیعری هەیە لە شـاری تاران و بەردەوام لـە رۆژنامـەکـانـدا وتاری رەخنەی و بـابەتی ئەدەبی دەنووسـێت و مـاوەی چەند سـاڵێکیش لەگەڵ هەردوو شـاعیـر "شـەمس لەنگرودی و شـەهاب مـوقـەربین"دا خـانەیەکی چاپ و بڵاوکـردنەوەیان بە نـاوونیـشـانی ناوەندی چـاپ و بڵاوکـردنەوەی «اهـنگ دیگر» دامـەزراندووە و چەندین کتێبیان چاپ و بڵاو کردووەتەوە. ساڵی رابردوو کتێبی "ژن، تاریکی، وشەکان" لەلایەن مەریوان هەڵەبجەییـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە سلێمانی بڵاو کراوەتەوە. ئێستاش هەردوو کتێبی "دێرە شاراوەکان" و "وردەواڵەی یادەوەری و شـیعـرەکـانی رۆژهـەڵاتی ناوەڕاست" لەلایەن هەمان وەرگێڕەوە کراوە بە کوردی و بەم زووانە بڵاو دەکرێتەوە.

.................................................................................

(*) ناوچەیەکی بەپیتە، کە بەشێک لەخاکی سوریا و فەلەستین و عێراق دەگرێتەوە.

(**) کارپوپەری فـەیلەسـووف لە سـەرەتای نـەوەدەکانی سـەدەی رابردوودا و لە پاش شـەڕی یەکەمی کەنداو لە گفتوگۆیەکدا دەڵێت: دەبێت خەڵکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەزۆری گوللە بکرێنە مرۆڤ